هەڵوەشاندنەوەی تۆڕێکی نهێنیی حیزبی بەعس ودەستگیرکردنی 135 کەس لە14 پارێزگا

ئەمرۆ یەک شەممە، دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ، کەدەستی ئاژانسی موتەڵڵع کەوتووە،تیایدا هاتووە : لە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراواندا کە سێ مانگی خایاندووە و 14 پارێزگای عێراقی گرتووتەوە، چەندین تۆڕی نهێنیی حزبی بەعسی قەدەغەکراویان هەڵوەشاندووەتەوە.

بەپێی ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوەکە : لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا، 135 تۆمەتبار بە فەرمانی دادگا دەستگیرکراون.

دەزگاکە لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاشکرایکردووە : کە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەم شانانە پەیوەندییان بە "لایەنی دەرەکییەوە" هەبووە و هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی حزبە ڕووخاوەکە و ڕاکێشانی گەنجانیان داوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەروەک ڕاگەیەندراوەکەی دەگاکە ئاماژەی بە کردوە : چاودێریی چالاکیی ئەلیکترۆنییان کردووە بە بڵاوکردنەوەی بیری بەعس و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.